**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٢٦١٤ ) لە ٢٠١٧/٦/١٢**

## بڕیاری
## ژمارە ( ١١١ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بە هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، و بڕیاری ژمارە (١٠٠) لە ٢٠١٧/١/٣١ ، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵای پرۆژەی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٣٠ ، بڕیاردرا بە :

١- دەستنیشانکردنی رۆژی ٢٠١٧/٦/١٥ وەك دوا وادەی تۆمارکردنی مووچەخۆرانی هەرێم لەسیستمی بایۆمەتری .

٢- پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری دەبێتە بەشێك لە سیستمی کارگێری گشتی هەرێمی کوردستان و لەدوای تێپەربوونی وادەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە ، تۆمارکردنی بایۆمەتری بەردەوام دەبێت بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بەمەرجێك پێشتر خۆیان لە سیستمی بایۆمەتری تۆمار نەکردبێت .

أ- دامەزراندنی نوێ بەشێوەکانی: فەرمانبەری هەمیشەیی ، فەرمانبەری گرێبەست ، دامەزراندنی کاتی .

ب- خانەنشینی نوێ .

ج- گۆرانکاریی لە وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە ئیمتیازاتی شەهیدانە وەردەگرن لەبەر رۆشنایی یاسای پەیوەندیدار .

د- سوودمەندی نوێ لە هاوکارییەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و تۆری چاودێری کۆمەڵایەتی و پاراستنی خێزانی و هەر بوارێکی تری هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵایەتی .

هـ- دەستبەکاربوونەوەی ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە مۆڵەتییان وەرگرتووە بە مۆڵەتی بێ مووچەشەوە .

٣-لیژنەی تۆماری بایۆمەتری هەڵدەستێت بەدۆزینەوەی میکانیزمی شیاو بۆ تۆمارکردنی مووچەخۆرانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لەکاتی خۆیدا لەبەر هەر هۆکارێکی پەسەند نەیانتوانیبێت خۆیان تۆمار بکەن .

٤-لە مانگی ئەیلولی (٢٠١٧)ـەوە خەرجکردنی مووچە و بەخشین و بیمەکان لەسەر بنەمای تۆماری بایۆمەتری پشتڕاستکراوە دەبێت .

٥- أ- پێویستە لەسەر سەرجەم یەکە حیسابییەکان (مەرکەزی و لامەرکەزی) مانگانە لیستی مووچەی پشتبەستوو بەتۆماری بایۆمەتری بەشێوەی دیجیتاڵ بۆ گەنجینە پەیوەندیدارەکان بنێرن .

ب — بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت و هاوشێوەکانیان لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنی خاڵی (أ)ی ئەم بڕگەیە .

٦- وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێتە خاوەنی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لەپرۆسەی تۆماری بایۆمەتری کۆکراونەتەوە ، و لیژنەی باڵای تۆماری بایۆمەتری بەرپرسە لە ڕادەستکردنی ئەم داتا و زانیارییانە .

٧- پەسەندکردنی پێشنیاری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکاتی حکومەت لەسەر بنەمای پێداویستی فیعلی و هەیکەلییەتی ئیداری بەپێی وەسفی وەزیفی لەبەر ڕۆشنایی ئەرك وچالاكيی دەستنیشانکراو بۆ دامەزراوە گشتییەکان .

٨-وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بارزانی**

**ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**